مستەفا ئاغا

## پێشکەش کاری بەرنامەی (صدى الملاعب) لە کەناڵی (MBC) تایبەت بۆ گوڵان دەدوێ

# گەر داوەت بکرێم بە شانازییەوە سەردانی کوردستان دەکەم




■ مستەفا ئاغا یەکێکە لە بەناوبانگترین بێژەرەکانی عەرەب ئێستا لە کەناڵی (MBC) بەناوبانگترین بەرنامە پێشکەش دەکات ئەویش بەرنامەی( صدى الملاعب) کە رۆژانە لە کەناڵی ناوبراو بە هەزاران کەس سەیری ئەم بەرنامەیە دەکەن، مستەفا ئاغا لە دایك بووی (٦-٦-١٩٦٣)یە لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا لە دایك بووە، سەرەتا وەکو گۆلچی یاری تۆپی دەست و تۆپی پێ هاتە نێو وەرزش، دوای ئەوەی بووە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی دیمەشق پاشان خویندنی باڵای لە بەریتانیا تەواو کرد، لەو کاتی کە لە کۆلێژ مامۆستا بوو دەستی بە نووسین کرد لە رۆژنامەکانی وەرزشی وەك رۆژنامەی ئیتحادی سوری پاشان پەیوەندی بە تەلەفزیۆنی سوری کرد کە چەندین بەرنامەی پێشکەش کرد وەك بەرنامەی مەگازین کە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی دەکرد و بەرنامەی (مايطلبه المشاهدون) و بەرنامەی (الاحد الرياضي ) و بەرنامەی ( محطات رياضية)ی پێشکەش کرد دواتر لە ساڵی ١٩٩٦ چووە کەناڵی (MBC ) و تا ئێستاش هەر لەگەڵ ئەم کەناڵە بەردەوامە کە لەم کەناڵە بە دەیان بەرنامەی وەرزشی پێشکەش کردووە، هەروەها لە چەندین رۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵاتانی عەرەبی وتار دەنووسێ وەك ( شرق الأوسط، الحياة، عكاظ،اليوم، الايام البحرينيه، جوول الاردني، الشبيبه العمانيه، البيان الاماراتيه، الرياضة و الشباب الاماراتيه، الرياضية، المجله النادى، اليوم سعوديه، استاد الدوحهالقطريه، المناره الاماراتيه، الاتحاد، الايلاف) و هەروەها چەندین کورتە چیرۆکی هەیە، ئێمەش بۆ زانینی زانیاری زیاتر دەرباری مستەفا ئاغا بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین ئەویش بەم شێوەیە هاتە وڵام تایبەت بە گوڵان.■

دیمانە: رێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com

*** هۆی ســـەرکەوتنی بەرنامەی (صـــدی الملاعب) کە رۆژانە پێشکەش دەکرێت بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- ئێوە دەڵێن ئەم بەرنامە ســـەرکەوتووە، من نازانم ئایا بەرنامەکەم ســـەرکەوتووە یان نـــا؟، بەڵام چەندین هۆکاری ســـەرەکی هەیە وەك نزیك بوونەی لە خەڵك و چۆنیەتی پێشـــکەش کردنی بە شێوازێکی نوی و ســـەردەمیانە و بەرنامەکە بۆ خۆشیە و چەندین هۆنەرمەندی بەناوبانگـــی وڵاتەکانی عەرەبی بەشـــداری تیاییدا دەکەن و هەروەها گشت خولەکان پێشکەش دەکات وەك خولی ئیتاڵیا و خولی پاڵەوانانی ئەوروپا و جامی جیهانی و جامی ئاسیا و جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا و گشت خولەکانی عەرەبی.......هتد لەم بەرنامەیە پێشکەش دەکرێت و چەندین شـــتی تازەکاری تیاییدا بەدی دەکرێت ئەمەش هەمووی نهێنی سەرکەوتنی ئەم بەرنامەیە.

*** بەرنامـــەی ( صدی الملاعب) لـــە ماوەییەکی کورتدا جامی ئاســـیا و جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای پێشکەش کرد کە لە هەردوو پاڵەوانیەتیدا هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و میسر بە دەستیان هێنا، ئایا جیاوازی لە نێوان هەردوو پاڵەوانیەتیدا لە چی بەدی دەکرێت؟**

- لە جامی ئاســـیا شـــەش هەڵبژاردەی عەرەبی بەشداری تیاییدا کرد و هەردوو هەڵبژاردەی عەرەبی عێراق و ســـعودیە گەیشتنە یاری کۆتایـــی و هەڵبـــژاردەی عێراق توانی بۆ یەکەم جار جامی ئاســـیا بە دەســـت بێنێت، بەڵام لە جامـــی نەتەوەکانی ئەفریقیا هەڵبژاردەی میســـر بۆ جاری شەشەم توانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بە دەست بێنێـــت و هەروەها جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا زۆر بەهێزتر و گرنکتر و گەورترە لە جامی ئاســـیا و هەروەها جامـــی نەتەوەکانی ئەفریقیا بەهێزترین هەڵبژاردەکان بەشـــداری تیاییدا دەکەن وەکو هەڵبژاردەکانی کامیرۆن و نێجیریا و ســـاحیل العاج.......هتد و هەلبژاردەی عێراق توانـــی بە یارمەتی راهێنەری بەرازیلی ئەم جامە بە دەســـت بێنێت، بەڵام هەڵبژاردەی میســـر بە یارمەتی راهێنەری میســـری حەسەن شەحاتە ئەم جامی بە دەست هێنا، بەڵام جێگای خۆشیە بۆ ئێمە کە دوو هەڵبژاردەی عەرەب توانیان ئەم دوو پاڵەوانیەتیە بە دەســـت بێنن ئەمەش دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە.

*** چۆن دەڕوانیتە ئەو کۆمەڵە ئاســـنیە کە هەڵبژاردەکانی عێراق و چین و قەتەر و ئوســـترالیای لەخـــۆ گرتووە لە میانی یارییەکانی پاڵاوتنی جامی جیهانی ٢٠١٠ بۆ کیشوەری ئاسیا؟**

- ئەوەی جێگای راســـتی بێت ئێستا هەڵبژاردەی عێراق چەندین کێشـــەی هەیـــە وەك هەواڵی لادانی راهێنەری نەرویجی ئۆڵســـن و هێنانـــی راهێنەر عەدنان حەمەد تاکـــو لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و قەتەر ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق پاشـــان من نازانم کە ئایا راهێنەر عەدنان حەمـــەد لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوام دەبێت یا نـــا؟، هەروەها کۆمەڵەی عێراق زۆر بەهێزە و بە کۆمەڵەی ئاســـن ناســـراوە، هەروەها هەڵبژاردەی عێراق لە یەکەم یاری لە نێو یاریگای خۆی تووشی شکستێکی گەورە هات بەرامبەر هەڵبژاردەی چین دوای ئەوەی دوو خالی یەکجار گرنگی لە دەســـتدا، چونکە لە یارییەکانـــی پاڵاوتنی جامی جیهانی دەبێ گشـــت یارییەکان کە لە نێو یاریگای خۆت ئەنجام دەدرێت دەبێ بردنەوە بە دەســـت بێنی، من هیوای ســـەرکەوتن بۆ عێراق دەخوازم، بـــەڵام هەڵبژاردەی عێراق لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دایە.

*** چۆن ئەو کەناڵە وەرزشیە عەرەبیە کراوەکان هەڵدەسنگێنی؟ ئایا تا ئێستا هیچ خزمەتێکی بواری وەرزشیان کردووە؟**

- هەر کەناڵێکی وەرزشـــی کـــراوە بێت ئەوە خزمـــەت بە بواری وەرزشی دەگەیێنێت راســـتە کەناڵە وەرزشیە کراوەکان زۆر کەمە وەکو کەناڵەکانی (الـــدوری و الکاس، دبی الریاضیـــة، ابوظبي الریاضیة ....هتد) و کەناڵە وەرزشـــیەکانی تریش داخراوة واتە (مشفرە) و ئەم کەناڵە وەرزشـــیانە هەمووی تەواوکەری یەکترن، چونکە هەندێك جار گشـــت کەناڵەکان پاڵەوانیەتیەکان دەگوازنەوە و هەندێك جاریش هەر کەناڵـــە و پاڵەوانیەتیەك دەگوازیتەوە یاخـــود بایەخ بە جۆرە یارییەك دەدات، هەندێ کەناڵی داخراو هەیە کە بە بڕە پارەیەکی کەم دەتوانی لەگەڵیان بەشـــدار بی،لە کۆتایشـــدا هەر بینەر سوود لەو رەکابەرییە وەردەگرێـــت، بەڵام هەندێك پاڵەوانیەتی هەیـــە وەکو جامی جیهانی و خولەکانـــی ئەوروپا مافی گواســـتنەوەیان بـــە نرخێکی زۆر گران دەفرۆشـــنە کەناڵە وەرزشیەکان بۆیە دەبێ پارە بدی هەتا سەیری ئەم جۆرە یارییان بکەی.

*** رات چییە بەرامبەر ئەو کەناڵە وەرزشـــیانە کە پاڵەوانیەتیەکان بەشێوازی (مشفر) پەخش دەکەن؟**

- ئەگەر لە هەر کەســـێك بەپرســـی دەڵی من دەمەوی ســـەیری پاڵەوانیەتیەکان لە کەناڵە کـــراوەکان بکەم و دەیەوی بە بێ بەرامبەر ســـەیری یارییەکان بـــکات، بەڵام ئەوە نازانن کـــە وەرگرتنی مافی گواستنەوەی ئەو یاریيانە بە بێ بەرامبەر نییە بەڵکو بە ملایین دۆلار ئەم یاریيانە دەفرۆشـــنە ئەم کەناڵە وەرزشیانە بۆ نموونە جامی کەنداو کە تەنیا هەڵبژاردەکانی کەنداو بەشداری تیاییدا دەکەن کەچی مافی گواســـتنەوەی یارییەکانی ئەم پاڵەوانیتیە بە ملایین دۆلاراتە، گشت کەناڵە وەرزشـــیەکان بازرگانیە واتە پـــارە لە هیچ لایەنێك وەرنا گرێت و هەروەهـــا دەبێ مووچەی کارمەندەکانی بدات و چەندین شـــتی تر کە پێویســـتی بە پارە هەیە ئەگەر ئەم کەناڵە وەرزشیانە بە پارە نەبێت چۆن دەتوانی ئەم بڕە پارەیە بە دەست بێنیت؟ ئەم شێوازەش لە گشت وڵاتانی جیهان پەیرەو دەکرێت.

*** دەڵێن کە مستەفا ئاغا حەز دەکات کە کەناڵە داخراوەکان مافی گواســـتنەوەی پاڵەوانیتیە گەورەکان و خولەکانی ئەوروپا وەربگرێت، تاچەند ئەم قسەیە راستە؟**

- من لـــە کەناڵێکی کراوە بەرنامە پێشـــکەش دەکـــەم و کەناڵی (MBC ) کەناڵێکی کراوەیە و ئێمە لەم کەناڵە گشت کورتکراوەکانی خولەکانی ئەوروپا و پاڵەوانیتیە گەورکان دەگوازینەوە بۆ بینەرەکانمان، تشـــویق بۆتە دیاردەیەکی ســـەردەم، من بە ناوی هیچ کەسێك لێدوان نـــادەم، ئەمە راو بۆچوونی خۆمە، بۆ نموونە هەندێك کەناڵ هەیە بۆ وەرگرتنی مافی گواستنەوەی یارییەکانی خولی پاڵەوانانی ئەوروپا نزیکەی ٣٠٠ یاخود ٢٥٠ یاخود ٢٠٠ ملیۆن دۆلار دەدات یان خولی ئیتاڵیا هەندێـــك کەناڵ هەیە نزیکەی ٥٠ ملیـــۆن دۆلار دەدات بۆ ئەوەی مافی گواستنەوەی یارییەکان وەربگرێت یان خولی ئینگلیزی مافی گواســـتنەوەی بە ١٢٠ ملیۆن دۆلار فرۆشراوە ئەم بڕە پارانە یەکجـــار زۆرە، من ئامـــادەم مانگانە بڕە پارەیەك بـــدەم تا بتوانم لە ماڵەوە سەیری یارییەکان بکەم یاخود سەیری ئەم پاڵەوانیتیە بەهێزانە بکەم، لە کۆتایشـــدا گشت پاڵەوانیتیك نرخی خۆی هەیە، بۆ نموونە گۆڤارەکـــەی ئێوە ئەگەر لە بازار نەفرۆشـــێت ئایـــا دەتوانن ئێوە لە دەرکردنـــی گۆڤارەکەتان بەردەوام بن؟ بـــۆ گۆڤارەکەتان لە بازار بە خۆرایی بەسەر خەڵك دابەش ناکەن؟، واتە گۆڤارەکەی ئێوەش داخراوە چونکە دەبێ بە پارە بکڕی تاکوو بتوانی بخوێنیەوە.

*** ئاســـتی خولەکانـــی عەرەبـــی و بە تایبەتـــی عێراقی چۆن دەبینی؟**

- بە داخەوە خولی عێراق لە لایەن راگەیاندنەکانی عەرەبی زوڵمێکی گەوری لێکراوە، چونکە بەهۆی خەراپی باردوودۆخی عێراق ناتوانن یارییەکان بگوازنەوە، هەروەها گشـــت یاریزانە بەناوبانگەکانی عێراق لە یانەکانی دەرەوەی عێراق یاری دەکەن و هەروەها گشـــت راهێنەرە بەناوبانگەکانیـــش لە دەرەوەی عێراق مەشـــق دەدەنەوە و هەندێك جار جەماوەریش ناتوانێ ئامادەی یاریگا بێت بۆ ســـەیرکردنی یارییەکان بۆیە ناتوانم ئێســـتا ئاســـتی خولی عێراق هەڵبسنگێنم، بەڵام ئێستا خولـــی عەرەبی زۆر بەهێز هەیە وەك خولی ســـعودی و تونســـی و قەتەری و ئیماراتی و جەزائری و تونسی و میسری و سوری ئەمانە

●●●
**من ئامادەم مانگانە بڕە پارەیەک بدەم تا بتوانم لە ماڵەوە سەیری یارییەکان بکەم یاخود سەیری ئەم پاڵەوانیتیە بەهێزانە بکەم**
●●●



●●●
**من وەکو وەرزشوانێک دوور لە کاری بێژەرێم، من باوەڕم بە قسەکانی محەمەد بن هەمام نەهێنا و بە بیربۆچوونی خۆم دەبوایە نشات ئەکرم بە باشترین یاریزان لە ئاسیا دەست نیشان بکرێ**
●●●

هەموو خولی زۆر بەهێزن و گرنگیشە، بەڵام چەندین راوبۆچوون هەیە دەرباری دەست نیشانکردنی بەهێزترین خولی عەرەبی هەر کەسێك ئازادە لە دەربرینی راو بۆچوونی خۆی، بەڵام دەست نیشانکردنی بەهێزترین خولی عەرەبـــی چەندین لایەن دەگەرێتەوە وەك ئامادەبوونی جەماوەر و ئاســـتی یانەکان و بۆندی یانەکان لەگەڵ یاریزانە پیشەگەرەکان و هەبوونی یاریگای باش و.......هتد بە یارمەتی ئەم شتانە دەتوانین باشترین و بەهێزترین خولی عەرەبی دەست نیشان بکەین.

*** هەندێـــك کـــەس رەخنەی ئـــەوەت لێ دەگرێ کـــە گوایە لە بەرنامـــەی (صدی الملاعب) بەشـــێوەیەکی راســـتەوخۆ لایەنگری یانەکان و یاریزانەکانی ســـعودیە دەکەی، چۆن وڵامی ئەم کەســـانە دەدیتەوە؟**

- باشـــە هەڵبژاردەی ســـعودیە بەشـــداری لە جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای کردبوو؟ کە ئێمە بۆ ماوەی (٢٥) رۆژ گشـــت یارییەکان و هەواڵەکانـــی ئەم پاڵەوانیتیەمان گواســـتەوە، لە جامی نەتەوەکانی ئاســـیا بە یەك چاو ســـەیری هەڵبژاردەکانمان دەکرد و ئەگەر رۆژانە ســـەیری بەرنامەی (صـــدی الملاعب) بکەی ئـــەوەی دەبینی کە خولەکانی تونسی و ئیماراتی و مەغریبی و ئیتاڵی و سوری و گشت خولەکانـــی عەرەبی و پاڵەوانیتیە جیهانیـــەکان دەبینی، بەڵام خولی سعودی تەنیا رۆژانی دووشـــەممە یارییەکان ئەنجام دەدرێت و ئێمە مافی گواستنەوەمان وەرگرتووە و دەبێ بەشێوازێکی جیاواز یارییەکان بگوازینەوە چونکە بەهێزترین خولی عەرەبیە، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەی کە گشت ریکلامەکان لە سعودیە بۆمان دێت و هەروەها گشت پشتیوانی مادی هەر لە سعودیە بۆمان دێت، هەروەها بۆ کەناڵەکانی تری عەرەبی بە کاتی سعودیە بەرنامەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن؟، بۆ تەنیا ئێمە لەم شـــتە تاوان بارین کەچـــی کەناڵەکانی تر لە ئێمە خراپتر دەکەن، ئایا تا ئێستا هیچ کەناڵێکی عەرەبی وەکو ئێمە گشت خولەکانی عەرەبی دەگوازێتەوە؟، بۆ نموونە گۆڤارەکەتان گۆڤارێکی کوردیە تەنیا بایەخ بە هەواڵەکانی کوردستان دەدات و هەندێك جاریش باسی هەواڵی جیهانی دەکەن لە کەناڵی (MBC) بە هەمان شێوە و کە هەندێك زیاتر بایەخ بە خولی ســـعودیە دەدەین ئەوە مافی خۆیانە



و ئێمە بایەخ بە خولەکانی تری عەرەبیش دەدەین.

*** چۆن دەروانیە خەڵاتەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کەساڵانە دابەشی دەکات؟**

- ئەوەی راســـتی بێت خەڵاتەکانی یەکێتی تۆپی پێ ئاسیا چەند جارێك کێشە و گرفتی تیاییدا دروست بووە، بەڵام ئێمەی عەرەب ئەم کێشانە دروست دەکەین و بە دوای کێشە دەگرێن چونکە ئێمە بەرامبەر ئەم خەڵاتە وەك بڵێین هەســـتیاریمان هەیە، گەر سەیری دەست نیشان کردنی باشترین یاریزان لە ئەفریقیا بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بکەین دەبینین کە یاریزانی هەڵبژاردەی مالی فێدرێك کانۆتی بە باشترین یاریزان دەست نیشان کرا کەچی دەبوایە یاریزانی هەڵبژاردەی ساحیل ئەلعاج دیدێ درۆگبا بە باشـــترین یاریزان دەست نیشان بکرێ کەچی هیچ کێشە دروست نەبوو و گوێمان لە کەس نەبوو بڵێ دەبوایە درۆگبا بە باشترین یاریزان دەست نیشان بکرێت، بەڵام ئەوە دوو ساڵە لە ئاسیا لەسەر ئەم خەلاتە کێشە دروســـت دەبێ کەچی هەردوو ساڵیش یاریزانی عەرەب ئـــەم خەلاتی بردەوە و هەروەها ئەوانی بە پلەی دووەم و ســـێیەمیش هاتـــن هەر عەرەب بوون، کەچی هەر عەرەبەکانیش نارەزایی دەرباری دەســـت نیشان کردنی باشترین یاریزان دەدەبڕن، من تا ئێستا گوێم لە کۆرییـــەك یان فلیپینیەك یان تایلاندییەك نەبووە کە نارەزایی دەرببرن، بەڵام ئێمە لە بەرنامەی (صدی الملاعب) توانیمان چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ محەمەد بن هەمام سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ ئاسیا ســـاز بکەین کە لەم دیمانەیە محەمەد بن هەمام گشـــت خاڵەکانی روونکردووە و باســـی ئەوەشی کرد کە چۆن باشترین یاریزان لە ئاسیا دەســـت نیشان دەکەن، ئێمە وەکو راگەیاندن دەبێ بە دوای راستییەکان بگەرێن و کێشەکە دارێژین بۆ بینەران ئەوان دەتوانن بڵێن کە ئایا ئەم کارە هەلەیە یان راستە؟ ئێمە ناتوانین ئەم بریارە بدەین.

*** ئایا ئێستا تۆ باوەڕت بە قسەکانی محەمەد بن هەمام هێنا؟**

- ئەوە کاری من نییە کە باوەر بە قسەکانی بکەم یان نەکەم، بەڵام من وەکو وەرزشـــوانێك دوور لە کاری بێژەرێم، من باوەڕم بە قسەکانی محەمەد بن هەمام نەهێنا و بە بیربۆچوونی خۆم دەبوایە نشات ئەکرم بە باشترین یاریزان لە ئاسیا دەست نیشان بکرێ، بەڵام یەکێتی تۆپی پێ ئاسیا باشترین باشترین دەست نیشان دەکات نەوەك مستەفا ئاغا، لە کۆتایشـــدا من وەکو کاری راگەیاندن ئەو رێگام پێ نادات کە بڵێم ئەو یاریزانە لە فلان یاریزان باشـــترە، بـــەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە نشات ئەکرەم و یاسر قەحتانی دوو باشترین یاریزانن لە ئاسیا وهەروەها یونس بەباشـــترین یاریزان لە وڵاتەکانی عەرەبی دەســـت نیشان کرا و توانی پلەی (٢٩)یەم لە باشـــترین یاریزانەکانی جیهان وەربگرێت بە پێ گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی، لە ساڵی ٢٠٠٦ کەرنەڤارۆ بە باشـــترین یاریزان لە جیهان دەست نیشـــان کرا کەچی ئەم کێشەیە دروســـت نەبوو وەکو ئاســـیا، هیچ جیاوازییەك نییـــە لە نێوان پلەی یەکەم و دووەم و ســـێیەم چونکە هەر ســـێ یاریزان عەرەبن، بەڵام بە راوبۆچوونی خۆم دەبێ یەکێتی تۆپی پێ ئاســـیا رێنماییەکانی ئەم خەڵاتە بگۆرێت چونکە زۆر شـــتی نادیاری تیایدایە، باشـــە تاوانی یونس چییە کە یانەکەی غەرافە بەشـــداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیای نەکـــردووە یاخوود تاوانی یاریزانی یابانی ئیندۆ چییە کە تووشـــی پێکان هات و نەیتوانی بەشـــداری لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا بکات کەچی ١٠٠ خاڵیشـــی هەیە، بەڵام یونس ٨٠ خاڵی هەیە و بە پلەی دووەمیش هات، بەڵام لە هەمووشـــی سەیرتر ئەوەیە کە نشات ئەکرەم ١٠٠ خاڵیشـــی هەبوو کەچی بە پلەی ســـێیەم هات، بۆیە ئەم قسە هیچ راســـت نییە و هەندێك شتی شاراوە هەیە کە بۆ بینەران روون و ئاشکرا نییە.

*** ئایا سەیری یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی عێراق دەکەیت؟**

- هەندێك جار سەیری یارییەکان دەکەم، چونکە دەبێ من سەیری گشـــت یارییەکانی خولی عەرەبییەکان بکەم، بەڵام سەیرکردنی خولی

**داواکارم کە یانەی هەولێر لە نێو یاریگای خۆی یاری بکات بۆ ئەوەی جەماوەریش تاموچێژ لە یارییەکانی یانەی هەولێر وەربگرێت و هیوای سەرکەوتن بۆ یانەی هەولێر دەخوازم لەم پاڵەوانیەتیە.**

عێـــراق زۆر زەحمەتە، چونکە وێنەی یارییەکان نییە و بە دەگمەن لە کەناڵە وەرزشیەکان یارییەکان دەبینین ئەمەش کێشەیەکی زۆر گەوریە، بە شێویەکی بەردەوام سەیری یارییەکانی خولی عێراقم نەکردووە.

*** وەکـــو دەزانین کە یانەی هەولێـــر نوێنەرایەتی عێراق دەکات لە پاڵەوانیەتی یانەکانی ئاســـیا، چۆن دەروانیە چانســـی یانەی هەولێر لەم پاڵەوانیتیە؟**

- هەمووومـــان ئەوە دەزانین کە پار ســـاڵ لە هەمـــان پاڵەوانیەتی یانەی نەجەف نوێنەری عێراق بوو و یانەیەکی نەناسراو بوو لە ئاسیا کەچی توانـــی ئەنجامی یەکجار باش بە دەســـت بێنێت، بە هەمان شـــێوە یانەی هەولێر یانەیەکی نەناســـراوە و بۆ یەکەم جار بەشداری ئەم پاڵەوانیەتیە دەکات و کەوتۆتـــە کۆمەڵەی غەرافەی قەتەری و قادســـیەی کوێتی و باختاکۆری ئۆزباکستانی، کە سەیری یانەکان بکەین دەبینین یانەی غەرافە تیپێکی زۆر بەهێزە و چەندین یاریزانی بە توانا لەم یانەیە یاری دەکات، بەڵام یانەکانی قەتەری کە بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکانی ئاســـیوی دەکەن تووشی چەندین کێشە و گرفت دەبن بە هۆی یاریزانە پیشـــەگەرەکان و یانەی قادســـیە کوێتی وەك هەموومان دەزانین کویت لەم ماوەیەدا تووشی چەند گرفتێك بووە کە بۆتە هۆی دابەزینی ئاســـتی تۆپی پێ لە کوێت ویانەی باختاکۆر بەهێزتریـــن تیپە لەم کۆمەڵەیـــە و پاڵێوراوێکی زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی ســـەر بکەوێ بۆ قۆناغی داهاتوو، بـــەڵام بە راوبۆچوونی خۆم، ئەم کۆمەڵەیە زۆر بەهێز نییە بەڵکو کۆمەڵەی وحدەی ئیماراتی و ئەهلی ســـعودی و سدی قەتەری و کەرامەی ســـوری ئەم کۆمەڵە بەهێزە، بەڵام یانەی هەولێر و گشـــت یانەکانی عێراق کێشەیەکی سەرەکیان هەیە ئەویش ناتوانـــن لە نێو یاریگای خۆیان یاری بکەن بە پێ ئەو زانیارانەی کە بۆم هاتوو کە ئاسایشـــی کوردســـتان ســـەقام گیرە و هەروەهـــا فرۆکەخانە و هۆتێل و یاریگای نێودەوڵەتیش بەر دەســـتە واتە لەم بوارانە هیچ کێشـــەتان نییـــە، داواکارم کە یانەی هەولێر لە نێو یاریـــگای خۆی یاری بکات بۆ ئەوەی جەماوەریش تاموچێژ لە یارییەکانی یانەی هەولێر وەربگرێت و هیوای ســـەرکەوتن بۆ یانەی هەولێر دەخوازم لەم پاڵەوانیەتیە.

*** ئایا چ پێشنیارت بۆ راهێنەر ئەکرم ئەحمەد سەلمان و یاریزانانی یانەی هەولێر هەیە بۆ ئەوەی بتوانن سەرکەوتن لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بە دەست بێنن؟**

- ئەوەی راســـتی بێـــت ئەکرم ئەحمەد ســـەلمان هاورێ خۆمە و راهێنەرێکی زۆر بـــە توانایە، هەندێك زانیارم دەرباری یانەی هەولێر هەیـــە و یاریزانی زۆر بە توانا لەم یانەیە یاری کردووە وەك محەمەد خۆشـــناو و کامەران محەمـــەد و تاریق عەبدولرحمـــان و لە نەوەی ئێســـتاش یاریزانان رافەد بەدردەین و ســـەلا حەدین سیامەند و دیدار حامید و سەرهەنگ موحسین لەم یانەیە یاری دەکەن، لەسەر ئاستی کوردستان یانەی هەولێر تیپێکی زۆر باشە و پار ساڵ لە پاڵەوانیەتی عەرەب لە خولی یەکەم چوونە دەرەوە و تا ئێســـتا جامی عێراقتان بە دەســـت نەهێناوە و یەك جار توانیوتانە خولی عێراق بە دەســـت بێنن، بۆیە یاریزانەکان شـــارەزایان لە پاڵەوانیەتیەکانی دەرەوەی عێراق زۆر کەمە، بۆیە ئەرکی راگەیاندنەکانی کوردســـتان ئەوەیە دەبێ پشتی یانەی هەولێر بگرن ئەگەر هاتوو ئەنجامەکانیشی خەراپ بوو چونکە ئەمە سەرەتاییەکە بۆ یانەی هەولێر بۆ بە دەست هێنانی دەستکەوتی گەورتر لە ســـاڵانی داهاتوو، بەڵام یانەی هەولێر دەتوانی ســـوود لە یەك شـــت وەربگرێـــت ئەویش ئەوەیە کە هەر یانەیەك بەشـــداری لە پاڵەوانیتیەك دەکات و پالێوراو نییە بۆ ئەوەی ئەنجام باش بە دەســـت بێنێـــت ئەمە زۆر گرنگە بۆ یانەی هەولێـــر، هەروەها یانەی هەولێر خۆ بە تەنیا نوێنەرایەتی شـــاری هەولێر نـــاکات بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو کوردستان و عێراق دەکات، بۆیە داواکارم کە یاریزانەکان گشت یارییەکان بە خۆشەویســـتی بۆ یانەی هەولێر ئەنجام بدەن ئەمەش لە یاریزانەکانی یانەی هەولێر دوور نییە کە ئەم شتە پەیرو بکەن هەمان پێشنیاریشـــم بۆ یانەی قوە جەوەیە چونکە ئەویش نوێنەری عێراقە لە هەمان پاڵەوانیەتی و هیوای سەرکەوتن بۆ هەردوو یانە دەخوازم.

*** سیفاتی بێژەری سەرکەوتوو لە چی بەدی دەکرێت؟**

- کاری بێژەری هیچ ســـیفاتێکی نییە بەڵکـــو جەماوەر بێژەری بـــاش و خەراپ هەڵدەبژێرێت، چونکە هەندێـــك جار هەر چەندە ئەم بێژەرە هەڵەی زۆرە و شێوەی قسەکردنیشی تەواو نییە، بەڵام جەماوەر خۆشـــی دەوێت و هەندێك جاریش بـــە پێچەوانەییە، بەڵام دەبێ بێژەر زانیاری تـــەواوی هەبێ و کارەکەی خۆی خـــۆش بوێ و هەروەها رێز لە جەماوەرەکەی بگرێ و دەبێ ئەوەش بزانی کە ئێســـتا هەموو خەلـــك لە بواری وەرزش دەزانێ و هەروەها رێز لە کات بگرێت و رێز لە مێشـــکی جەماوەر بگرێت و هەروەها دەبێ ئەوەش بزانی کە ئێستا نزیکەی (٢٤٠) کەناڵی عەرەبی هەیە بەلای کەمی کاتێك کە لە نێو ئەو هەموو کەناڵە جەماوەر تۆ هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی ســـەیرت بکە دەبێ ئەوە بزانێ کە تۆ ئێشـــێکی یەکجار گەورەت کردووە و شتێکی باشت ئامادە کرووە و پێشکەش کردووە.

*** ئەگـــەر داوات لێ بکرێ کە ســـەردانی کوردســـتان بکەی و خولێکی بەهێزکردن بۆ بێژەرەکانی کوردســـتان ئەنجام بدێت، ئایا تۆ رازی دەبی بەم داوتنامەیە؟**

- گەر داوەت بکرێم بە شانازییەوە سەردانی کوردستان دەکەم، پەنا بەخوا لەم نزیکانە سەردانی کوردستان دەکەم.

*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان چییە؟**

- سڵاوم بۆ کەس و کارم هەیە لە کوردستان هەروەها لە عێراقیش و هیوادارم هەر خۆشـــی و شادی و ئاشتی بەر قرار بێت لەم ناوچەیە و هیوادارم هەموو کەسێك بە خۆشی بژیت، هیوادارم گشت خەونەکانی یانـــەی هەولێر لە پاڵەوانیەتی یانەکانی ئاســـیا بێتـــە جێ و دڵی جەماوەرکەی خۆش بکات لە هەموو شـــوێنێك، هیوای سەرکەوتن بۆ گۆڤارەکەتان دەخوازم بە هیوای ئـــەوەی کە گۆڤارەکەتان بە زمانی عەرەبیـــش دەربچێت تاکو بتوانین ئێمەش ئـــەم گۆڤارە بخوێنینەوە و سوودی لێ وەربگرین و زۆر سوپاسی ئێوەش دەکەم.



**ئەرکی راگەیاندنەکانی کوردستان ئەوەیە دەبێ پشتی یانەی هەولێر بگرن ئەگەر هاتوو ئەنجامەکانیشی خەراپ بوو چونکە ئەمە سەرەتاییەکە بۆ یانەی هەولێر بۆ بە دەست هێنانی دەستکەوتی گەورتر لە ساڵانی داهاتوو**




# گواستنەوەی زستانەی یاریزانان لە یانەکانی ئەوروپا

ســاڵانە لە خولی ناوخۆی پاڵەوانیەتــی یانەکانی وڵاتەکانی ئەورووپا دووجــار دەرگای گواســتنەوەی یاریزانــان دەکرێتەوە سەرەتای هاوینان و دواتر گواستنەوەی زستانان ئەوەی خوارەوەش گواســتنەوەی یاریزانانە لە خولی یانەکانی ئیســپانیا لە تۆپی پێ.

*** یانەی ریال مەدرید**

- یاریزانی هاتوو: نییە
- یاریزانی رۆیشــتوو : یاریزان خوان ماتا مانوێل چووە یانەی ڤالانسیا

*** یانەی بەرشلۆنە**

- یاریزانی هاتوو: گۆڵچی یانەی سەلتا فیگۆ خۆزیە بینتۆ بەشێوەی خواستن
- یاریزانی رۆیشــتوو: یاریزانی ناوەڕاســت مارك کروســاس بەشێوەی خواستن چووە یانەی لیۆنی فەرەنسی.

*** یانەی ڤیاریال:**

- یاریزانی هاتوو: نییە
- یاریزانــی رۆیشــتوو: یاریزان خوان ریکلمی بەشــێوەی خواستن چووە یانەی بۆکا جۆنیۆرزی ئەرژەنتینی و یاریزانی ناوەڕاست ئەنتۆنیۆ مافوبا بەشێوەی خواستن چووە یانەی لیلی فەڕەنسی و یاریزان مارکۆ رۆبن بەشێوەی خواستن چووە یانەی ریکریاتیڤۆی ئیسپانی.

*** یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید:**

- یاریزانی هاتوو: نییە
- یاریزانی رۆیشــتوو: یاریزانی ناوەڕاست مانیش بەشێوەی خواستن چووە یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵی

*** یانەی ئیسپانیۆڵ**

- یاریزانی هاتوو: یاریــزان خافی رۆیز لە یانەی ئەدرا و یاریزانی هێرشــبەری یانەی زەرەگۆزا ئیۆ برۆتۆن بەشێوەی خواستن هاتنە یانەی ئیسپانیۆل
- یاریزانی رۆیشــتوو: یاریزان جۆناتاس بەشــێوەی خواستن چووە یانەی فلامینگۆی بەرازیلی

*** یانەی رایسینگ سانتندێر:**

- یاریزانی هاتوو: یاریزان بابلۆ ئەلفارێز بەشــێوەی خواستن لە یانــەی لاکرۆنیا و یاریزان ســێرجیۆ لۆرتمان بەشــێوەی خواســتن لە یانەی بۆکاجۆنیــۆرزی ئەرژەنتینی و یاریزان دامیان ئەسمۆدیس لە یانەی سپۆرتینگ کریستالی پیرۆڤی گواسترایییەوە یانەی رایسینگ
- یاریزانی رۆیشــتوو: یاریزانان کریستیان فێرناندێز و سامۆیل بەشێوەی خواستن چوونە یانەی لاس پالماس و یاریزان کریستیان بورتیا بەشێوەی خواستن چووە یانەی رایسینگ تیرۆل و یاریزانی ناوەراســت دانی ریتیرا بەشێوەی خواستن چووە یانەی بریشیای ئیتاڵی.

*** یانەی بەلەد وەلید:**

- یاریزانــی هاتوو: یاریزانی ناوەڕاســت مارکۆس ئەگوێری بەشــێوەی خواستن لە یانەی لانۆســی ئەرژەنتینی هاتە یانەی بەلەد وەلید و گۆڵچی خوانیتۆ فیلار لە یانەی نیوز ئۆڵد بۆینزی ئەرژەنتینی هاتە یانەی بەلەد وەلید
- یاریزانی رۆیشــتوو: یاریزان فیگێریدۆ بۆ یانەی تیشــیرۆ و ئەلفارۆ ئەنتۆن بەشــێوەی خواســتن چووە یانەی رایسینگ فیرۆل.

*** یانەی ڤالانسیا:**

- یاریزانی هاتوو:یاریزانی ناوەڕاستی یانەی بۆکا جۆنیۆرزی ئەرژەنتینی ئینفیر بانیگا و یاریزانی ناوەڕاستی یانەی ئەجاکسی هۆڵەندی مادۆرۆ و یاریزانی هێرشــبەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ماتا نوێل هاتنە یانەی ڤالانسیا.
- یاریزانی رۆیشــتوو: یاریــزان جافیلان بۆ یانەی خیتافی و یاریزان مانوێل فێرناندێز بۆ یانەی ئیڤەرتۆنی ئینگلیزی هەردوو یاریزان بەشێوەی خواستن یانەی ڤالانسیاین بەجێهێشت.

*** یانەی ئیشبیلیە:**

- یاریزانی هاتوو: نییە
- یاریزانی رۆیشتوو: یاریزانی هێڵی بەرگری ئەندریاس هینکل چووە یانەی سیلتیك و یاریزانی ناوەڕاست فرناندۆ سالیس چووە یانەی ســیلتا فیگۆ و یاریزانی هێڵی ناوەڕاســت خۆسی لویس مارتی بەشێوەی خواستن چووە یانەی ریال سۆسیداد.

*** یانەی ئەلمریا**

- یاریزانــی هاتوو: یاریزان جۆلێرمی لە ڤاســگۆ دی گاما و ئەرینی لە ســێلتا فیگۆ و فیلیکۆ بانۆفیتچ لە یانەی رۆین کانتساتس رووسی هاتنە یانەی ئەلمریا.

یاریزانی رۆیشــتوو: یاریزان نتالیۆ بەشــێوەی خواستن چووە یانەی قادش.

*** یانەی زەرگۆزا:**

- یاریزانی هاتوو و یاریزانی رۆیشتوو: نییە



## * یانەی خیتافی:

- یاریزانی هاتوو: یاریزان جافیلان بەشـــێوەی خواســـتن لە یانەی ڤالنسیا هاتە یانەی خیتافی.
- یاریزانی ڕۆیشـــتوو: یاریزان ئەلبێرتۆ چووە یانەی غەرناتە و گۆڵچی لویس گارسیا بەشێوەی خواستن چووە یانەی سیلتا فیگو و یاریزانی هێڵی ناوەڕاست ناتشۆ بەشێوەی خواستن چووە یانەی ریال سۆسیداد.

## * ریال مایۆرکا:

- یاریزانی هاتوو: یاریزانی هێڵی بەرگری سکالۆنی بەشێوەی خواستن چووە لازیۆی ئیتالی .
- یاریزانـــی ڕۆیشـــتوو: یاریزانی هێڵی هێرشـــبەر ڤیکتۆر کاستانیۆ چووە یانەی ریال سۆسیداد.

## * یانەی ئۆساسۆنا:

- یاریزانی هاتوو: نییە
- یاریزانی ڕۆیشتوو: یاریزانی هێڵی ناوەڕاست ئیناکی مۆنۆز ئۆرۆز چووە یانەی ئەتلەتیکۆ بلباو.

## * یانەی ریال بێتیس:

- یاریزانی هاتوو: نییە
- یاریزانـــی ڕۆیشـــتوو: یاریزانی هێرشـــبەر خۆرخی فاجنر کۆنسیســـاو بەشـــێوەی خواســـتن چووە یانەی ســـاوپاولۆی بەرازیلی.

## * یانەی ئەتلەتیکۆ بلباو:

- یاریزانـــی هاتـــوو: گۆڵچی ئەرماندۆ ریڤیـــرۆ لە یانەی قادیـــش و یاریزان ئیناکی مۆنۆز ئورۆز لە یانەی ئۆساســـۆنا هاتنە یانەی ئەتلەتیکۆ بلباو.
- یاریزانی ڕۆیشـــتوو: ئیۆن فیلیتس بەشێوەی خواستن چووە یانەی هیرکۆلیس.

## * یانەی ریکریاتیڤۆ:

- یاریزانی هاتوو: یاریزان مارکۆ ڕۆبین بەشێوەی خواستن لە یانەی ڤیاریال هاتە ئەو یانەیە.
- یاریزانی ڕۆیشتوو: نییە.

## * یانەی مۆرسیا:

- یاریزانی هاتوو: یاریزانی دی کۆتس بەشێوەی خواستن لە یانەی لازیۆی ئیتالی و دۆزینی لە یانەی کۆرنتیازی بەرازیلی هاتنە یانەی مۆرسیا.
- یاریزانی ڕۆیشتوو: نییە.

## * یانەی دیڤرتیڤۆ لاکرۆنیا:

- یاریزانـــی هاتوو: یاریزانی هێڵی ناوەڕاســـت کریســـتیان ویلهامسۆن بەشێوەی خواستن لە بۆڵتنی ئینگلیزی هاتە ریزی دیڤۆرتیڤۆ لاکرۆنیا.
- یاریزانی ڕۆیشـــتوو: یاریزان بابلـــۆ ئەلفارێز چووە یانەی رایسینگ و ئیسافی چووە یانەی شێریتس بەشێوەی خواستن.

## * یانەی لیڤانتی:

- یاریزانی هاتوو: نییە.
- یاریزانی ڕۆیشـــتوو: لۆران ڕۆبێر بەشێوەی خواستن چووە یانەی دێربی کاونتیٚ و گۆڵچی مارکۆ ستوراری چووە یانەی کالیاری ئیتالی و یاریزان برۆنۆ تشـــیریلۆ چووە یانەی ریجینا و یاریزان کریســـتیان ریجانیۆ چووە یانەی نیوکاسلی ئینگلیزی و یاریزان فیکوێرا بەشێوەی خواستن چووە یانەی شیریتس. بەم شێوەیە یانەی لیڤانتی زۆرترین یاریزانی لیٚ ڕۆیشتووە و یانەی رایسینگ سانتدێر زۆرترین یاریزانی بۆ هاتووە.



### لە لووتکەی یارییەکانی خولی ئیسپانیا

# ئیسپانیۆل – ڤالانسیا، ئەتلەتیکۆ مەدرید - بەرشلۆنە

لەمیانـــی یارییەکانی هەفتەی (٢٦)می خولی ئیســـپانیا کە ڕۆژانی شـــەممە و یەك شەممە ئەنجام دەدرێت کە تیاییدا چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێـــت کە کاریگەری لە ڕیزبەندی خولی ئیسپانیا دەکات کە گرنکتریان یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید میوانداری یانەی بەرشـــلۆنە دەکات، هەروەها یانەی ئیســـپانیۆل میوانداری یانەی ڤالانسیا دەکات ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی ئەم هەفتەیە

| | |
|---|---|
| ڤیاریال – ئۆساسۆنا | لیڤانتی – ریال زەرگۆزا |
| بەلەد وەلید – رایسینگ | خیتافی – مایۆرکا |
| ریکریاتیڤۆ هۆیلفا–ریال مەدرید | ئیسپانیۆل – ڤالانسیا |
| ریال بێتیس – مۆرسیا | دیڤرتیڤۆ لاکرۆنیا – ئیشبیلیە |
| ئەلمریا –ئەتلتیك بلباو | ئەتلەتیکۆ مەدرید – بەرشلۆنە |



# بەهۆی بەکار هێنانی ئامێری مۆبایل ڕۆناڵدۆ بە (٨) هەزار یۆرۆ سزا دەدریٚ

ڕاهێنەری یانەی مانچســـتەر یۆنایتـــدی ئینگلیزی ئەلێکس فێرگســـۆن بڕیاریدا کە یاریزانی نێودەوڵەتی پورتوگاڵی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بە بڕی هەشـــت هەزار یۆرۆ ســـزا بدات ئەویش بەهۆی ئەوەی لە کاتی مەشقکردن مۆبایلی بەکار هێناوە لە ڕێنماییەکانی یانەی مانچستەر هاتووە کە هەر یاریزانێك لە کاتی مەشقکردن یەك جار مۆبایل بەکار بهێنیٚ ئەوە بە بڕی دوو هەزار یۆرۆ سزا دەدریٚ، فێرگسۆن کە بە کارەکی ڕۆناڵدۆی زانی یەکسەر مۆبایلەکەی لیٚ وەرگرت و بـــۆی دەرکەوت کە چوار نامەی بچووکی ناردووە بۆیە ســـزاکەی لە دوو هەزار یۆرۆ کردە هەشت هەزار یۆرۆ، فێرگسۆن گوتی: گەر بێتو ئەم کارە دووبارە ببێتەوە ئەوە سزاکەی توندتر دەبیٚ، و زیاتر گوتی: یانەی مانچســـتەر یۆنایتد چەندین ملایین دۆلار دەداتە یاریزانان بۆ ئەوەی پابەند بێت بە ڕێنماییەکان و مەشـــقکردن ئەمەش قودسیەکی خۆی هەیە دەبیٚ ریزی لیٚ بگرێت.

# لە دێربی کوردستاندا چۆن ئاسایشی یاریگا بپارێزین

وا چاوەڕوان دەکریٚ ســـبەی یاریگای دهۆك میوانداری یاری دێربـــی کۆمەڵەی کوردســـتان و باکـــووری عێراق لـــە خولی پلە نایابەکانی عێـــراق بۆ تۆپی پیٚ بکات کە چاودێـــران چاوەڕوانی یارییەکی بەهێـــز و جوان دەکەن چونکە هـــەردوو یانـــە هەوڵی ئەوە دەدەن پلێتـــی یەکەمی ئەم کۆمەڵە مســـۆگەر بکەن، ئەوەی مەبەستمانە لەو نووسینە ئەنجامی یارییەکە نییـــە بەڵکو کۆنترۆڵ کردنی یاریگایەکەیە و ڕێگا بەو کەسانە نەدەن کە نیازی گڵاویان بهێننە دی و ئاژاوە دروست بکەن، پێویستە دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك و پاسەوانانی یاریگا هەر لە ئێستاوە پلانێکی تۆکمە دارێژن پێشـــینان ڕاستییان گوتووە (پێش تای بەڕی بـــە خۆمان دابدەین) دەبیٚ بـــە تـــەواوی کۆنترۆڵی یاریـــگا بکـــەن نەهێڵـــن کەس شـــتی خەراپ بباتە نێو یاریگا و پیاوانی ئاســـایش و پۆلیسیش بچنە نێـــو پەیـــژەکان و لەگەڵ جەماوەر دانیشن بۆ ئەوەی دەست نیشـــانی ئەو کەســـانە بکەن کە دەیانەوەیٚ ئاژاوە دروســـت بکەن و ئەمن و ئاسایشـــی کوردستان بشـــێونن، بەهیـــوای ئەوەشـــین دەســـتەی کارگێـــڕی هـــەردوو یانەی هەولێر و دهۆك و گشـــت یاریزانەکان بـــە گیانێکی پاکی وەرزشی بچنە نێو یاریگا و دوور بن لە بیرکردنەوەی توند و تیژی و داواش لە جەماوەری وەرزشـــی شـــاری دهۆك دەکەین کە بتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن و ڕێگە بە تێکدەران نـــەدەن کە یاریگاکانمان بەنیازی گڵاویـــان پیس بکەن و هیوا ئاواتمان ئەوەیە کە ســـبەی یارییەکـــی خۆش و پاك و خاوێن ببینین و چـــاوی دوژمنان کوێر بکەین و خەونـــە گڵاوەکانیان لە چاڵ بنێین.